# تکایە بە مەلا و شتی وای مەسپێرن



**ڕۆزا حسین**

بە پەخشکردنی دانپیانانەکانی تۆڕەکەی شێخ زانا لە تەلەفزیۆنەوە هەمدیس شەبەحی تیرۆر باڵی بەسەر فەزای ژیانی خەڵکی کوردستاندا کێشایەوە. ئەمجارەش وەک جارانی تر هەمدیس گرنگترین ئیجرائاتێک کە دەسەڵات دژ بە تیرۆر گرتیە بەر پەنابردنە بەر پیاوانی ئاینی و مەلاکان بوو تا بێن و لەبەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکاندا هەر دوانزە عیلمەکەیان بخەنەگەڕ تا خەڵک لە دەست بردن بۆ تیرۆر دوور بخەنەوە. تەنانەت ئەم جارە گەیشتۆتە ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ پیاوانی ئاینی ئەم شار و ئەو شاردا پەیتا پەیتا کۆدەبنەوە.

ئەوەی کە مەلاکان لەم بوارەدا لە دەستیان بێت بیکەن هەر ئەوەیە کە دێن و لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە یان لە خوتبەکانیاندا چەند ئایەتێک سەبارەت بەکوشتنی مرۆڤ و سزاکەی هەر دەڵێنەوە و یەک بۆ یەکتری دەسەننەوە. ڕەنگە بووترێت کە دەی ئەمەش لە تیرۆر کەم دەکاتەوە، بەڵام نا، لێووردبوونەوەیەکی زۆری ناوێت تا ببینین کە کارێکی وا نەک لە تیرۆر کەم ناکاتەوە بەڵکو ئەسڵەن برەوی پێدەدات و زیادی دەکات. لێرەشەوە کارێکی وا خەتەرێکی گەورەیە و دەبێت دەسەڵات بە هەستیارییەکی زۆرترەوە دەستی بۆ ببات.

پرسیارێک لێرەدا دێتە پێش کە ئایا پەنابردنە بەر مەلاکان بۆچی؟ ئایا بۆ ئەوەیە کە ئەوان ئۆتۆریتە و نفوزێکیان هەیە لەناو خەڵکدا و سوودوەرگرتنە لەم جێگە و ڕێگەیەیان، یان لەبەر ئەوەیە کە گوایە ئەمان ڕا و تەگبیری کارا و دروستیان پێیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر؟ بۆ هەر کام لەم مەبەستانە بێت پێم وایە دەسەڵات هەڵەیەکی گەورە دەکات. جاریٚ بۆ ڕا و تەگبیری باش هەر مەپرسە. مەلایان جگە لە وتنەوە و دیسانەوە ووتنەوەی چەند ئایەت و حەدیسێک چی تر لە ئموری ئەمنییەت و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانانە ئەزانن کە یەخەی کۆمەڵگایەک دەگرێت. ڕاستییەکەی کاتێک ئەوان دەم دەکەنەوە و دەبینیت بە چی ئاستێکی بیدائیی و هۆشیارییەکی فەقیرحاڵانەوە قسە ئەکەن، ئینسان لە جێی خۆی شەرم دایدەگریٚ و هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبیٚ کە لە ناخەوە دڵی بەو میللەتە بسووتێت کە ئەمانە "زانا"ی دوانزە عیلمی بن. من گلەییەکم نییە لەوەی گەر ئەم زاتانە کەسانی ئاوا "سازیج"ن و ئاوا بەرتەسک و داخراو بیر لە ئموری دونیا دەکەنەوە و مێشکی خۆیان لەناو کۆمەڵێک کتێبی هاوشێوە و یەکڕەنگدا خووساندووە، بەڵام کێشەی گەورەم هەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئاوا حیسابی جیددیان بۆ بکرێت و لە ئموری کۆمەڵگادا ئاوا شوێنگەیەکی ناوەندییان پیٚ بدریٚ. بۆیە ئەگەریش مەبەست لە پەنابردنە بەر مەلایان بۆ ئەوە بێت کە ئەوان نفوزێکیان هەیە لەناو خەڵکدا، ئەوا لێرەدا دوو شت هەیە کە دەبیٚ بووترێن. یەکەم، کارەساتەکە لەوێدایە کە کەسانێک بەو ئاستە ڕۆشنبیرییەوە کەسانی بە نفوز و دەمڕاستی ناو کۆمەڵگای ئێمەن. ئەگەریش وایە ئەوا نابێت زۆر جێگەی سەرسوڕمان بێت بۆمان گەر کۆمەڵگایەکی وا پەتای تیرۆر لێی بات. دووەم، کارێکی وا پاڵپشتی دەسەڵاتیش دێنێتە سەر نفوزی ئەم جۆرە کەسانە. ئەمەش بە کورتی یانی خەست بوونەوەی زیاتری قوڕەکە. هەر ئەم مەسەلەیە لە

درێژەی خۆیدا وا ئەکات کە مەلاکان شوێنگەیەکی مەرکەزیی تر وەربگرن و گوێگری زیاتر پەیا بێت بۆ خوتبە پڕ هاوار هاوارەکانیان کە جگە لە چاندنی ڕق و کینە لەناو توێژەکانی کۆمەلگادا هیچی تریان لێوە بەرهەم نایات. دەستئاوەلا کردنی مەلا و شتی وا تا دەست وەردەنە کێشە سیاسیەکان هیچ ناکات ئەوە نەبێ کە خزمەت بە زالکردنی فەزای دینی بەسەر فەزای سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستاندا دەکات. ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە ئیسلامییە تیرۆریستەکان بە دوایەوەن و لە ئاکامیشدا تەنها خەتەری تیرۆر زیاد ئەکات و هیچی تر. بە کورتی گرەوی کەمکردنەوەی تیرۆر لە کوردستاندا لە گرەوی کەمبوونەوەی (یان کەمکردنەوەی) نفوز و ئۆتۆریتەی مەلا و پیاوی ئایینییە نەک بە پێچەوانەوە.

من پێم وایە دەسەلاتی کوردیی زۆر ناحەکیمانە مامەلە لەگەل مەسەلەی قەلاچۆکردنی تیرۆردا دەکات. مەلایان سەرباری ئەوەی کە خۆیان، هەندێکیان بە ڕاستەوخۆ و هەندێکیشیان بە ناڕاستەوخۆ و بێ ئەوەی مەبەستیان بێت، هۆکاری کەوتنەوەی تیرۆرن لە کوردستاندا، بەرامبەر بەوە مەلایان لەڕووی فیکرەوە زۆر لەوە دەستکورتترن کە بتوانن تەگبیرێکی باش بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. ئەمە کاری ئەوان نییە و کاری کەسانی پسپۆر و شارەزای بواری کریمینۆلۆجیا و کۆمەلناسی و دەروونناسی و ئەمنیی و پەروەردەیە. تەنانەت کاری بەرپرسی بەرزی حکومیی و حیزبییش نییە، بەلام ئیتر ئێمە ڕاهاتووین حیزب بلێت نان بۆ خۆم و گۆشتیش خۆم بڕیار ئەدەم ئەیدەم بە کێ.

تیرۆر جەریمەیە جەریمە. ئەوانەی ئەیکەن کەسانێکن جەریمەیان کردووە. پێویستمان بە وەعز و بڕیاری مەلا نییە کە ئایا شتێکی باشیان کردووە یان نا. ئێمە لە جێی ئەوە ئەبێ عەقلی دەولەتی دیموکراتی و گەڕانەوە بۆ دامەزراوە دیموکراتییەکان لای خەلک دروست بکەین. کە شێخ زانا و چەند شەقاوەیەکی تر جەریمەیان کردووە ئەوە دەبێ کاری دادگایی و سزادانیان بدرێتە دەست دادگا و کاری ئەوانەی تێوەگلاون و نەگیراون بدرێتە دەست دەزگا ئەمنییەکان و کاری ئەوانەش کە خەتەری ئەوەیان لەسەرە لە داهاتوودا تێوەبگلێن بدرێتە دەستی کەسانی پسپۆر نەک پیاوانی بە وەلائی حیزب. هەرچی مەلاکانیشن لە مەسەلەیەکی وادا نابێ هیچیان پێ بسپێردرێ ئەوە نەبێت کە فەرز بکرێت بەسەریاندا کە بە ئاشکرا، بە سەریحیی و بێ هیچ ڕاوەڕێوی و پێچ و پەنایەک هەلوێستی خۆیان دژ بە هەموو هەموو جۆرە تیرۆر و بەکارهێنانێکی توند و تیژی ڕابگەیەنن و ئینجا بەڕێزی خۆیانەوە بنێردرێنە مالی خۆیان. ئەمە و ئیتر هیچی تر بەوان نەسپێردرێ. گەر یەکێکیان ئەمە ناکات و بە سەریحی سەرکۆنەی هەموو توند و تیژی بەکارهێنانێک ناکات، مەسەلەیەکی وا ئەبێت ئیستفهامێکی گەورە لەسەر ئەو کەسە دانێت و دەسەلات ئەرکێتی ئەو کەسە ڕادەستی ناوەندە بەرپرسەکان بکات و بە تۆمەتی هاندان بۆ توندوتیژی و تاوان لێپرسینەوەی لەگەل بکرێت.

بەلێ تیرۆرکردن تاوانکردنە و هەر فەردێکی کۆمەل بە هەر بیانوویەک پاکانەی بۆ بکات ئەبێت دەستگیر بکرێت و ئیجرائاتی لەگەل بکرێت. ئەمە بەر لە هەر کەسێک ئەبێت لە ئەمیر و مەمیری حیزبە ئیسلامییەکانەوە دەستی پێ بکرێت تا لێکەوتەترین مەلای لاکۆلان. حەق نییە مەسەلەی تیرۆر قسە هەلبگرێت و ڕێگا بدرێت موناقەشەی شەرعی بوون و نەبوونی بکرێت. بێ موناقەشە دەبێت هەموو مەلایەک بە ڕۆشنی دژایەتی خۆی بۆ هەموو جۆرە تیرۆرێک ڕابگەیەنێت، ئەگەرنا نەک هەر نابێت بەناوی ئەندام پەرلەمانیی پێ بنێتە ناو پەرلەمانەوە یان بهێنرێتە سەر تەلەفزیۆن و وەک کەسێکی ڕێزدار مامەلەی بکرێت، بەلکو دەبێت ئەندامەتی پەرلەمان یان خەتیبیی مزگەوتی لێ وەربگیردرێتەوە.

ئاخر ئەگەر سەرنج بدەین دەسەلات تەلەفزیۆنەکانی خۆی کردۆتە "مینبەرێکی ئازاد" بۆ پیاوانی ئایینی تا بێن و بە دەیان شێرو ڕێوی هێنانەوە سەرکۆنەی هەندێک جۆری تیرۆر بکەن و بەم شێوەیەش شەرعییەت بە چەنان جۆری تیرۆر و جەریمەی تر بدەن.

تیرۆر پەتایەکە و وەک هەڕەشەیەکی جیدی ڕووی لە کوردستان کردووە و ڕۆژانە گەنجە بێکار و سەر لێشێواوەکانمان لێ ئەکات بە کەسی تاوانکار. ئەبێ کارێکی دروست بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم کێشەیە بکەین. من ئەزانم پارتی و یەکێتی خەمساردن لەم ڕووەوە. من ئەزانم ئەوان تا تەقینەوەکان لە نزیک و لەناو بارەگاکانی خۆیاندا نەبێت ئەوەندە لە خۆیانی بار ناکەن. من ئەزانم ئەوان نەشارەزان لەم بوارەدا و شارەزایەکیش ئەندام حیزبی خۆیان نەبێت ئیعترافی پێ ناکەن. من ئەزانم ئەوان لەو پارە و مولکەی چەنان ساڵە بە ڕەنجی حیزبایەتیی و عارەقەی گەندەڵیی پەیایان کردووە دڵیان نایات بڕێکی لە داڕشتنی پلانی زانستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بە هەدەر بدەن. من ئەزانم تەنانەت بەشێکی هەبوونی تیرۆر لە کوردستان دەرئەنجامی کەین و بەینی دەزگا جاسوسییەکانی خۆیانە. هەرچییەک بێت ئێستا تیرۆر شێرپەنجەیەکە و وڵاتی گرتۆتەوە و ئەبێ تا زووە چارەیەکی لێ بکەین. دەسەڵاتدارانی کوردستان دەبێت زۆر ووردتر لەوەی ئێستا مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بکەن. بەرنامەی ووردتر و زانستی تر دابنێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و بەدەربەستانە لە بوونی تیرۆر لە کوردستاندا بڕوانن و بەشوین هۆکاری ڕاستەقینە و دوای ئەوەش دیاریکردنی چارەسەری بنەڕەتی و هەنگاوی عەمەلی و دروستەوە بن. باشتر وایە لەڕێگەی کەسانی شارەزا و ئەکادیمیەوە لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە و تیرۆر وەک هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ژیان و ئاسایشی خەڵکی کوردستان چاولێبکەن.

بەڵێ دەسەڵاتداران، هەموو ئەمانە ئەرکی سەرشانی ئێوەیە و دەبێ هیچ کەمتەرخەمیی تیا نەکەن. خۆ گەر ئەمانەشتان پێ ناکرێت و خۆتانی لێ ئەدزنەوە، هەر هیچ نا تکایە بە مەلا و شتی وای مەسپێرن.

2005.08.02

rozahusein@yahoo.com